بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الحمدلله والصلاه والسلام على رسول الله أما بعد:

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا ﴾ [التحريم: ٨].
پاشان خوای گەورە لە ئایەتێکی دیکەدا چۆنیەتی تەوبەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەفەرموویت:
﴿ إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ [البقرة: ١٦٠].

بەڕێزان ئەوە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە م.وریای هەولێر بانگەشەی ئەوە دەکات و دەڵێت: من لەگەڵ دکتۆر عبداللطیف نیم و بەهەڵەی دەزانم و پەشیمانم لەوەی کە لەگەڵیدا بووم و پەشیمانم لەو هەڵانەی کەوا کردوومە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچمان نەبینیوە لێی کە بە ئاشکرا پەشیمان ببێتەوە، وەکو خوای گەورە بۆمانی باس کردو و ڕێنمایی کردین بۆ چۆنیەتی تەوبە و پەشیمان بوونەوە لە هەڵە و تاوان.

بەڵام ئەوەی کەوا زیاتر گرنگە بەلای منەوە وە هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە ئەم ڕوون کردنەوەم نوسی و بڵاوم کردەوە، ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆرە و لێرە و لەوێ لەناو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە کە گوایە ئێمەین کە نایەڵین م.وریا تەوبە و پەشیمان ببێتەوە، بۆیە بە مافێکی شەرعی خۆمی دەزانم بەرگری لە خۆم بکەم و ڕاستیەکان بخەمە ڕوو تاوەکو ﴿ لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ وَإِنَّ اللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ [الأنفال: ٤٢].

وە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کێ ڕاستگۆیە و وەکێ تاوانبارە !.
بۆ ئەوەی زۆر درێژی نەکەمەوە ئەم بابەتە لە چەند خاڵێکدا دەخەمە ڕوو:
١- دەڵێم ئایا ئێمە توانیمان دەست و دەمی م.وریا بگرین و نەیەڵێن تەبدیعی بەشێك لە سەلەفیەکانی هەولێر بکات تاوەکو بتوانین دەست و دەمی بگرین و نەیەڵێن پەشیمان ببێتەوە، وە ئەو کەی بە قسەی ئێمەی کردوە؟!
٢- نابینن ئەی خەڵکینە ئێمە هەردوو دەست و هەردوو قاچی و دەمیمان گرتووە بۆ ئەوەی تەوبە نەکات، فەرموو جەنابی مامۆستا ئەوە مەیدان و وەرە بە ئاشکرا پەشیمانی خۆت دەر ببڕە و بزانە کەس دەتوانێت ڕێگات لێ بگرێت ئەگەر تەوبەکەت شەرعی بێت و مەرجەکانی تێدابێت؟!
٣- زەحمەت نەبێت جەنابی مامۆستا تاوەکو ئێستا لە چی تەوبەی کردووە و کوا تەوبەکەی تاوەکو ئێمە قەبوڵمان نەکردبێت و ڕێگریمان لێکردبێت ؟!
٤- پاشان ئەگەر م. وریا مەبەستی پەشیمان بوونەوەیە و خۆی بەهەڵە دەزانێت، چی پێویست بەوە دەکات بچێتە لای ئەم مامۆستا و ئەو مامۆستا یان هەڵەکانی و پەشیمان بوونەوەی ببەستێتەوە بە م.سیروانەوە؟!
ئەگەر ڕاست دەکات با بۆ قیامەتی خۆی تەڕاجوع بکات؛ چونکە جەنابی بەرامبەر بەمەنهەجی سەلەفی هەڵەی کردووە و نەوەك تەنها بەرامبەر مامۆستا سیروان.
وە بابەتی تۆ و م. سیروان بابەتێکی ترە و دوای پەشیمان بوونەوەت لە هەڵە مەنهەجیەکانت باس لەو بابەتە دەکرێت، وە باش بزانە هەموو هەڵە کانت بەبەڵگەوە لامانە و هیچ بوهتانێکمان بۆت نەکردووە.
٥- ئێمە دەستما نەگرتوە بۆ ئەوەی تەوبە نەکات، بەڵکو واللە وباللە وتاللە زۆریش خۆشحاڵ دەبین بەوەی گەنجێکی برامان ڕاستیەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە و پەشیمان دەبێتەوە و واز لە دکتۆر عبداللطیف دەهێنێت، ئیتر چۆن دڵخۆش نابین بە گەڕانەوەی مامۆستایەك بەڵك واللە ثم واللە ثم واللە ئەگەر هەر مامۆستایەك یان هەر برایەك بگەڕێتەوە بۆ حەق ئەوا ئێمە خۆشمان دەوێت لەبەر خوای گەورە و گەردەنی ئازاد دەکەین لە هەر قسەیەك کە بە شەخصی خۆمانی گوتبێت و قەبوڵ ناکەین هیچ کەس ئەو شتانە بدا بە ڕوویدا بەڵام وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:
(لَا يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ) رواه البخاري.

٦- ئێمە ڕێگەی تەوبەمان لە کەس قورس نەکردووە بەڵام مامۆستا وریا خۆی ڕێگەی تەوبەکردنی لە خۆی قورس دەکات و وەکو دکتۆر عبداللطیف دەکات و هەرجارەی کۆمەڵێك تەلاعوبات دەکات و پێچ و پەنا دەهێنێتەوە، باشە چی تێدەچێت بێت و بە ئاشکرا بڵێت: ئەمە هەڵەکانی منە و لێی پەشیمانم و ئیسراحەت بدات بەخۆی و بە خەڵکیش، وە دڵی خۆی ئارام بکاتەوە و باری خۆی سوك بکات لە دونیا و قیامەتدا، بۆ دەبێت ئەو سوننەتە خراپەی دکتۆر عبداللطیف بگرێتە بەر و خەریکی پێچ و پەنا بێت ؟!! ﴿ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ ﴾ [الحشر: ٢].

٧- لەبەر ئەوەی جەنابی مامۆستا وریا من خۆم و م.سالار و م.شاكر هاتین بۆ لات و سەرەتای کێشەکان بوو لە هەولێر، پێم وتی:

((ئایا مامۆستا سیروان هیچ هەڵەیەکی عەقیدەیی و مەنهەجی هەیە وا تەحذیرت لێکردووە؟

لەوەڵامدا وتی: نەخێر.

وە پێم وتی: ئایا نەصیحەتت کردووە پێش تەحذیر کردن لێی؟

لە وەڵامدا وتت: نەخێر.

پێم وتی: ئەی چۆن شتی وات کرد؟

وتت: بۆیە وامکرد لەبەرئەوەی وتم لە پێشدا گەنجەکانی لێ ئاگادار دەکەمەوە دواتر دەچم پێی دەڵێم ئامۆژگاری دەکەم، ئەگەر پەشیمان نەبۆیەوە ئەوا بەس خۆی دەمێنێتەوە.

ئەوە بوو پێم وتی: تو خوا ئەوە مەنهەجە تۆ هەتە ؟ بەکام مەنهەج تۆ ئەم کارەت کرد؟

وە دوای کۆمەڵێك ئامۆژگاری دانت بە هەڵەی خۆت داناو **وتت هەڵەبوومە لەو کارەمدا و ئیتر واناکەم و تەحذیری لێناکەم.**

وە منیش هەر ئەوشەوە پەیوەندیم کرد بە مامۆستا سیروانەوە و پێم وت**: ئەوە مامۆستا وریا پەشیمانە و ئیتر تۆش بێدەنگ بە، بەڵام کاتێك بەیانی بۆیەوە و گەڕاینەوە ماڵ بۆ شەوەکەی بوو ـ والله أعلم- مامۆستا سیروان وتی برا ئەوە**

مامۆستا وریا ئەمرۆ هاتووە بۆ هەولێر و تەحذیری کردووە لەمن لای گەنجێکی هەولێر کە دوکانی هەیە لەبەرامبەر مزگەوتی کوێتی.
منیش ژمارە تەلەفۆنی گەنجەکەم لابوو، پەیوەندیم پێوەکرد و دەرکەوت هەواڵەکە ڕاست بوو، **ئیتر چۆن هەروا بە ئاسانی باوەڕت پێبکەم؟**

٨- بە مامۆستا جمعەت وتبوو ئیتر ناڵێم مامۆستا سیروان حدادیە و هەرکەس پرسیاری لێم کرد دەڵێم هەڵەیە کەچی پاش چەند ڕۆژێك لەو وەعدە، پرسیاریان لێت کرد، گەڕایتەوە سەر هەمان کرداری خۆت و پەیمانەکەت بەجێ نەگەیاندن و ڕاستگۆ نەبوویت، وە کاتێك مامۆستا جمعە ئەو وەعدەی لە جەنابتەوە نەقڵ کرد ئێمەش قسەکەی جەنابتمان نیشانی م.جمعە دا و وتمان ئەم کابرایە ڕاستگۆ نیە، بە ئامادەبوونی (م.سیروان و م.جبرائیل و م.فایز، وم.عبدالقادر حمکی، وم.دانا، وم.عبدالکریم قەیتولی) وە چەندین برای تر لەوێ بوون ئیتر چۆن هەروا بە ئاسانی بڕوات پێ بکەم ؟!
٩- پاش ئەوەی لە حەج گەڕایتەوە جەماعەتێکت ناردبوو بۆ لای م.سیروان تاوەکو صوڵحت لەگەڵ بکات، کەچی لەو لاوە پرسیاری م.سیروانیان لێ کردبووی تەحذیرت لێکردبوو.
وە کاتێك برایانی صولح تەلەفۆنیان بۆ کردی و پێیان وتی: چۆن شتی وات کردووە، ئێمە دەنێری بۆ صولح و لەو لاوەش تەحذیر دەکەیت؟
لە وەڵامدا وتبووت: واللە لە بیرم نەبوو !!!
ئیتر ناهەقمانە بە ئاسانی باوەڕت پێ نەکەین؟!
١٠- مامۆستایەکی کرکوك پێی وتبووی: چۆن م.سیروانت تبدیع کردوە و پێی دەڵێیت حەدادیی؟
لە وەڵامدا وتبووت: من نەم وتووە حەدادیە.
ئەویش پێی وتی من خۆم بیستوومە کەوات وتووە.
لە وەڵامدا وتبووی: لە بیرم نیە، یان هاوشێوەی ئەم قسەیەت کردبوو، ئیتر چۆن باوەڕ بکەین؟

١١- كاتی خۆی و سەرەتای لادانی عبداللطيف هەندێك لە هەڵەكانی دكتۆرم بۆ ناردیت و خوێندتەوە و زۆر بە ترسناك وەصفت كرد و بڕیارت دا وازی لێ بهێنی بەڵام دواتر ڕاستگۆ نەبوویت و شوینی كەوت و بەوەشەوە نەوەستای بەڵكو دیفاعت لێی كرد و وەصف و پیاهەڵدانت بۆ كرد و دەگەشتن بە هەر شوێنێك دەتان وت: سیروان ڕای لە دكتۆر و كەناڵەكەی نیە و خەڵكیتان لە دەوری دكتۆر كۆدەكردەوە.

١٢- جەنابت كاتێك كەوا هەڵەكانی دكتۆرم نیشاندای لەماڵی خۆتان، بە منت گوت من زیاتر دەزانم و گومانم لە سەلەفیەتی دكتۆر هەیە و هەندێ بەڵگەت پێ وتم كە ئێستا جێگای باسكردنی نیە، كەچی هەر شوێنی كەوتی و قوتابیەكانیشت لەسەر شوێنكەوتنی ئەو پێ گەیاند.

باشە كەسێك گومانی هەبێت لە سەلەفیەتی یەكێك چۆن ئاوا بۆ دەكات و شوێنی دەكەویت و مەدحی دەكات و دیفاعی لێدەكات، ئەگەر جەنابت كەسێكی شوێنی مەصڵەحەت نەكەوتووی شوێنی مەنهەج كەوتووی؟!

١٣- ناهەقمانە لێت بە گومان بین و هەتا توانیت لەگەڵ دكتۆر دابوویت و بە ئاشكرا دیفاعت لە باطلەكانی كرد، بەڵام پاش ئەوەی دكتۆر دەستی كەشف بوو لای زانایان و هیچ قەدر و قیمەتێكی نەما لەناو خەڵكیدا و ئابڕوی خۆی و دەوروبەر و كەناڵ و دەعوەكەیان چوو كەچی دەتەوێت بێیت و بە نهێنی لە پەنا دیوارێكدا پەشیمانی خۆت دەربڕێ؟!

١٤- وە باش بزانە بۆ خۆت لەبەر خوا تەوبەیەكی ڕاستەقینە بكە و بگەڕێوە لە هەڵەكانت، نەوەك بێیت و بتەوێ تەفرەقەیەك بخەیتە ناو ئێمەوە و وەكو چۆن تەفرەقەت خستە هەولێرەوە!.

وە بزانە هەرگیز لێت قەبوڵ ناكەین و تەنانەت بۆ یەك چركەش لێت ناگەڕێین و ڕێگەت نادەین ئەو كارە بكەیت و بەرپەرچت دەدەینەوە و ڕاستیەكان وەك خۆی بۆ هەموو كەس ئاشكرا دەكەین.

وە بشزانە ئێمە لە دكتۆرمان قبوڵ نەكرد بێت و تەبدیعی سەلەفیەكان بكات و تەفرەقە بخاتە ناومانەوە و تەراجوعی خوار و خێچ بكات و خۆل بكاتە چاوی خەڵكیەوە ، وە دڵنیابە هەمان ئەم كرادرانەشت لە جەنابت قەبوڵ ناكەین و هەمان مامەڵەی دكتۆرت لەگەڵ دەكەین لەو كارانەدا.

بۆیە بۆخۆت ئەوەی خراپت کردووە چاکی بکەوە و کەس توشی سەر ئێشە مەکە.
وان

- ناهەقمانە لێت بە گومان بین و خۆت و م.کاظم هاتن بۆ سلێمانی کۆمەڵێك مامۆستاتان کۆکردەوە بە ناوەی ئەوەی کەوا ئیصلاح بکەیت کەچی هیچ حیسابێکتان بۆ ڕیش سپی ئەو مامۆستایانە نەکرد لەوێ لای هەندێك لەگەنجەکان کەوتبوونە قسە کردن، دواتر ئێمە چوین و ڕاستیەکانمان بۆیان ڕوون کردەوە.

- باشە کێ دەستی گرتووی بێیت و هەموو هەڵەکانی مامۆستا سیروان و ئەو گەنجانەی تەبدیعت کردوون بڵاوی بکەیتەوە و ڕەدی ئەو بدەیتەوە و تاوەکو هەموو خەڵکی بیان ناسێت ئەوە ماوەیەکی زۆرە تەبدیعیانت کردوون و کەچی وەکو (أبو الحسن المأربي و فالح الحربي و دکتۆر عبداللطیف) هیچت بەیان نەکردووە و هەر دەڵێی کەشفیان دەکەم و وایان لێدەکەم، پێم ناڵێی لەو کردارەتدا چی فەرقێکت هەیە لەگەڵ دکتۆردا؟!

بۆ دەبێت دەرگا لە دکتۆر نەکەیتەوە بەڵام جەنابت سەلەفیەکی صافی و بێ تاوان و بێ بەڵا بیت ؟ [ما لکم کیف تحکمون].

- وە باش بزانە ئەمە بەرگریەك نیە لە م.سیروان بەڵکو ئەمە دینە و چاوپۆشی تێدانیە، وە من جەنابتم پێش م.سیروان ناسی و زۆر تێکەڵ بووین و دۆستایەتیمان گەرم بوو بەڵکو م.سیروانم لە ڕێگەی تۆوە ناسی بەڵام کاتێك بینیم کەوا ناحەقی و هەڵەی وازم لێهێنایی وەکو ابن القیم رحمە الله تعالی فەرموویەتی: ((شیخ الإسلام حبیب إلینا ولکن الحق أحب إلینا)).

ئەمەش هەندێك لە هەڵەکانی م.وریا:

١- تەبدیع کردنی م.سیروان و تۆمەتبار کردنی بە حەددادی.

٢- تەبدیع کردنی گەنجەکانی دەوروبەری م.سیروان بە جملة.

أ- ئەم کارەشی بە ئاشکرا کردووە و لە فەیسبوکی خۆی بڵاوی کردەوە و دەبێت بە ئاشکرا پەشیمان ببێتەوە.
ب- ئەگەر بە نهێنیش تەبدیعیانی کرد بێت، بەڵام ئێستا بڵاوە و ئاشکرایە بۆیە دەبێت بە ئاشکرا پەشیمان ببێتەوە.

٣- دەبێت دان بەوە دابنێیت کە نە ئەو و نە ئەوانەی لەگەڵیدان لە بانگخوازەکان مافی ئەو جۆرە حوکمدانەیان نیە بەسەر کەسانێکی سەلەفیدا، بەڵکو ئەوە ئیشی زانایانی جەرح و تەعدیلە، وە دەبێت بە ئاشکرا بڵاوی بکاتەوە لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا ئەو کارەی ئەنجامداوە.

٤- دیفاع کردنی لە (دکتۆر عبداللطیف) و وەصف کردنی لە کاتێکدا دەیزانی کە لەسەر باطلە و کەچی هەر خەڵکی لە دەوری کۆ دەکردەوە، بۆیە دەبێت بە ئاشکرا دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و تەبەڕای خۆی بکات لە عبداللطیف.

٥- وەصف کردنی لە کەناڵی بەناو ئامۆژگاری بەتایبەتی پاش ئەو هەموو هەڵانەی دکتۆر کردی و پاش ئابڕو چوونە ئەخلاقیەکەی عبداللطیف.

٦- بێدەنگ بوونت لە حجوریەکانی هەولێر، لە کاتێکدا ئەوان بە ئاشکرا بێ ئەدەبی دەکەن بەرامبەر بە زانایان و تەبدیعیان دەکەن، پێویستە مەوقفی خۆت دەربڕی بەرامبەر یان بە ئاشکرا، لەبەر ئەوەی لە دەنگیەکدا بە دەوروبەرەکەت دەڵێی کە لێیان بێدەنگ بن و سەلامیان لێ بکەن و نەرم بن لەگەڵیان، بەڵام ئەوان زیاتر ڕۆچوون لە گومڕایی و سەر لێشیواوی خۆیان و زیاتر بێ ڕێزیان کرد بەرامبەر بە سەلەفیەت و زانایان، بۆیە پێویستە ئێستا مەوقفی خۆت دەربڕی بەرامبەریان.

٧- له دیانا کۆبوونەوە لەگەڵ هەندێ کەسدا و بە حیساب ئامۆژگاری گەنجەکان دەکەن، وە یەکێ لە وانەی کە ئامۆژگاری گەنجەکانی کرد م.وریا بوو دواتر م. زانا عادل بە حیسابی خۆی خۆی ئامۆژگاری پێشکەش دەکات بەڵام کەوتە ناو کۆمەڵێك هەڵەی مەنهەجی زەق و گەورە و ترسناکەوە کە لای هەموو گەنجێکی سەرەتایی سەلەفی ڕوونە ئەویش طەعن دانی بوو لە جەرح و تەعدیل بەوەی لە قەبردا پرسیارت لێ ناکرێت و ...
وە م.وریاش ئامادەبوو، وە ئەو فیدیۆیە بڵاوە و تاوەکو ئێستا هیچ ئینکاریەکمان نەبینی لەلایەن م.وریا و ئەوانەی لەوێ بوون بەڵکو هەندێ برا پێیان وتم کەوا هیچ کەس لەوانەی لەوێ بوون ئینکاریان نەکرد لەو کابرایە لەسەر ئەو قسە ناشەرعیانە، بۆیە دەبێت بە ئاشکرا بەڕائەتی خۆی بکات لەو هەڵانەی لەو دانیشتنە ڕوویدا.

بەڵکو هەندێك پرسیارتان کرد لە شێخ عبید لە بارەی حجوری و حجوریەکان تاوەکو ئێستا بڵاوتان نەکردۆتەوە و شاردوتانەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەگەر ڕاستدەکەیت وەرە وەکو شێخ ربیع خوای گەورە بیپارێزێت بە سالم الطویل دەڵێت کێ ڕێی لێگرتووی، وەرە سەلەفیەتی خۆت بسەلمێنە، وە ئێمەش هەمان وتەی شێخ ربیع بە جەنابت دەڵێین و هیچ گوێ مەدە بە ئێمە و وەرە مەنهەجی خۆت ڕوون بکەرەوە و کەس ناتوانێت دەستت بگرێت هەروەك چۆن کەس نەیتوانی دەستت بگرێت لە بڵاوکردنەوەت بۆ هەڵەکانت.
وە پێویست ناکات بەهەمان ڕێچکەی دکتۆر عبداللطیف دابڕۆیت و خەریکی پێچ و پەنا و پاساو هێنانەوە بۆ هەڵکانت و تۆمەتبار کردنی بەرامبەرەکەت بیت، دکتۆریش زوڵم دەکات و تەبدیع دەکات و سوکایەتی دەکات و بێڕێزی دەکات و بوهتان هەڵدەبەستێت بۆ بەرامبەرەکەی، کەچی دێت و دەستە چەورەکەی دەسرێت بە

کەسانی تردا، ئەوە جەنابیشت تەبدیع و تەفسیق و سوکایەتی و بوهتان و ستەمت کردووە کەچی دەتەوێ هێشتا وا دەرخەی کە مەزڵومیت و بێ تاوانی؟!
یاخود پێچ و پەنا دەکەیت و دەڵێیت کێ زەمانەتی من دەکات ئەگەر قسە بە دکتۆر بکەم.
وە دەڵێیت: م.سیروان پشتی هەیە، بۆیە دەتوانێ قسە بە دکتۆر بکات!!
دەڵێم: هەر بە قسەی خۆت وەڵامت ئەدەمەوە، باشە جەنابی مامۆستا ئەی کێ زەمانەتی دایتێ کاتێك قسەت بە م.سیروان و دەوروبەرەکەی گوت؟!
ئەی خۆت ناڵێیت م.سیروان پشتی هەیە؟ ، باشە چۆن نەترسای شتێکت لێ بەسەر بێت؟!
ئەی لە پێشتر نەبوو خۆت لە م.سیروان بێ دەنگ بکەیت لەبەر ئەوەی لە یەك شار دەژین و پشتیشی هەیە؟

ئەمە هەمان چەکی پوکاوی دەستی دکتۆرە لە یەکێك لە بەناو پەشیمان بوونەوەکانیدا دەڵێت: ((هەندێ بابەتی تر هەیە کە ناتوانم بە ئاشکرا باسی بکەم و لێی پەشیمان ببمەوە بەڵام دەتوانم ئاسەوارەکەی نەهێڵم)).
کەچی ئەوانەی ئەو دەڵێت ناتوانم و ناوێرم بە ئاشکرا پەشیمان ببمەوە لێیان بریتین لە:
((١- نە لە عەقلە و نە لەدین بڵێین فلان کەس لایداوە و فلان کەس لایدا لە حەق وە فلان کەس لەگەڵ ئێمە نیە.
٢- با عالمێك قسە بکات خۆ ئێمە یەکتر دەناسین.
٣- دیفاعکردنی لە بەناو حیزبە ئیسلامیەکان .
٤- قسە کردنی بە حوکام لەسەر مینبەر و شوێنە گشتیەکان.
٦- دابەش کردنی دیموکراتی بۆ حەق و باطل.
٧- هێرش کردنە سەر ئەو کەسانەی کە ئامۆژگاریان کرد و هەڵەکانیان نارد بۆ لای زانایان)).

ئا ئەمانەبوو دکتۆر دەیگوت ناتوانم باسی بکەم لەبەر ئەوەی مەفسەدەیە، جەنابیشت هەر هەمان ڕێگەت گرتە بەر!!.

یاخود هەندێ جار دەڵێیت: لەبەر قوتابیەکانم ناتوانم باسی دکتۆر بکەم!.

بۆیە پێت دەڵێم:

١- باشە جەنابت چەند ساڵە چیت فێری ئەو قوتابیانە کردووە؟ ئەی ئەوەندە ساڵە نەتوانی فێری ئەوەیان بکەیت کە تەعەصوبیان نەبێت بۆ کەس؟!

٢- ئەی چەند ساڵە هیچت فێرنەکردوون لە مەنهەج ، ئەی هیچیان نەخوێندووە لە بابەتی مەنهەجی؟! ئەی نابێ فێریان بکەیت (كل بني آدم خطاء).

٣- باشە جەنابت ئێستا دەڵێیت من ڕازی نیم لە مەنهەجی عبداللطیف، دەی ئەگەر وایە قوتابیەکت بۆچیە کە لەسەر هەمان مەنهەج بێت؟، ئایا ئامادەی خەڵکی قەڵە و بکەیت لەسەر باطل؟!

٤- خۆ ئیشی ئێمە زۆر و بۆری نیە بەڵکو سەلەفیەت ئەوەیە لەسەر حەق بیت ئەگەر بەتەنیاش بیت، وە خەڵك کۆکردنەوە لە خۆت لەسەر حیسابی حەق و بێدەنگ بوون لە خراپەکانیان بۆ ئەوەی لێت دوورنەکەونەوە پیشەی ئیخوانیەکانە نەوەك سەلەفیەکان.

لە کۆتاییدا دەڵێم: هیوادارم ئەمە دوا بابەتم بێت لەسەر جەنابت و نەگەڕێمەوە سەری ئەگینا شتی زۆر لەمە زیاتر ماوە باسی بکەم، بەڵام لێی گەڕام؛ لەبەر ئەوەی مەبەستم تەنها ڕوون کردنەوەی ڕاستیەکان بوو، وە ئەم بابەتەشم بۆیە تاکو ئێستا نەنوسیوە و دوام خست ؛ لەبەر ئەوەی:

١- بڕیارم دا زیاتر وەلامی هەلەکانی دکتۆر عبداللطیف بدەمەوە لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوەی ئەم فیتنە و خراپانەیە.

٢- خۆم زیاتر بیدەنگ کردووە لە مەلاکانی دەوروبەری لەبەر ئەوەی بەڵکو هەندێکیان بەخۆیان دابچنەوە و بیرێك لەو مەنهەج و بیرێك لە قیامەتی خۆیان بکەنەوە و خۆیان و خەڵك نەکەنە سوتەمەنی هەلەکانی ملا عبداللطیف.

بەڵام ئێستا جەنابت ئیدیعای ئەوە دەکەیت لەگەل ملا عبداللطیف دانیت، بەڵام لە بری ئەوەی ئەو خراپانەی کردووتە چاکی بکەیت، دێیت دەتەوێ خراپتری بکەیت و تەفرەقەیەکی دیکە بنەیتەوە!.

نعوذ بالله من الفتن ما ظهر منها وما بطن.

والحمدلله رب العالمين وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

هوشيار أحمد